به ناوی کوردستانی گەورە !

# داغی "زادە "، " ئۆغلو"، " ئیبن "، ئۆف " و شتی وا :

ج. س. سۆران 2003/6/14
soran909@hotmail. com

ب ە وتەی پڕ واتای هۆنەری ڕچەشکێنی بیرمەند، مامۆستا ئەحمەدی خانی، بە هۆی کەمتەرخەمی میر و وەزیران، نەک شاعیر و فەقیران، گەلی کورد بە چەشنێکی وا دابەشکراوە، کە زۆر جار قسەیەکی قەت نەوتراو دێتە نێو دڵم و بە دزی گوێ و زمانمەوە، خوم بە هەستی شەشەم، بە سرتە، بە خۆمی دەڵێم: " مەگەر گلۆبالیزاسیون، ئەم دەردە کوردە عیلاج بکا .!"

ئەم دابەشکران و لێکهەڵبڕانە، زۆر شوێنێکی زەقی لەسەر کەسایەتی گشتی کورد داناوە، کە مشتێک لە گشتێکی ئەم شوێنە ناجوانە، ئەوەیە کە لە زۆر ناوچەی کوردستانی گەورە، کورد مافی ئەوەی نیە، ناوی کوردی لە منداڵی خۆی بنێ، کەچی هەموومان دەزانین کە بیلامانێ دو لە روی هەمووتان، تەنانەت، کەو، مانگا و چی و چی، ناوی تایبەتی خۆیان هەبە و بە ناوی خۆیان بانگیان دەکەن، بۆ وێنە ناوی کەو دەنێن سەرسەوز، شاهۆ، ئەزمەر و شتی وا و ناوی مانگا دەنێن هۆبەتو، حەوت گوان، پوێ پوێ و شتی وا، زوربەی ژینەوەر و داعبا گەلی دیکەش ناوی تایبەتیان هەیە، کە لێرە دا بۆ ئەوەی پەردەی ئەدەبی کوردی بپارێزرێ، دۆزینەوەی ناوی ئەوانە، کە زۆر کارێکی ئاسانە، دەخەمە دەستی بەرێزی خۆنان. لە لایەکی دیکەوە، بۆ ناونانی ئەو ژینەوەرانە، هیچ گیر و گرفتێکی یاسایی و هەرێمی نیە .

بەڵام بە داخەوە، لە زوربەی ناوچە کوردنشینەکانی جیهان، بێجگە لە کوردستانی ئازادی پێش مانگی مارسی ئەم ساڵ، ناونانی منداڵی مرۆڤی کورد بە کوردی قەدەغەیە و لە زۆر جێگ بە کفرو شتیشی دەزانن . بۆ وێنە ناونانی منداڵ بە کوردی لە شاری تاران، کە دە لێن نزیکەی دو میلیۆن کوردی لێیە، ئەگەر بە تەواوی قەدەغە نەبێ، یەکجار زۆر زۆر محاڵە و ناسنامە بۆ ناوی کوردی بەدەگمەن دەدرێ، خۆشتان بارودۆخی کوردستانی داگیرکراوی تورکیا و سوریا باشتر دەزانن .

ئەمە لەولاوە بوێستێ، شتێکی زۆر کەسەر هێنەر تر ئەوە یە، کە کورد بە پێی ئەوەی کە لە کامە پارچەی کوردستانە، پەرژینی قایم بێ، داغ دەکرێن و دروشمێکی خۆیانیان پێوە دەنێن، بۆ وێنە :

- لە ئێران، داغی " زادە "، وەک بێهزادی هووشەنگ زادە .
- لە تورکیا داغی " ئۆغلو "، وەک دەمیر قەرە ئۆغلو .
- لە سوریا و عێراقی پێشو و ڕەنگە خودای نەخواستە، عێراقی شەش مانگی دیکە داغی "ئیبن "، وەک خەبات ئیبنی عەبدولحەمید .
- لە ئەرمەنستان (سۆڤیەتی پێشو) ، داغی " ئۆف "، کە راستەکەی ئۆڤە، وەک ئێرەوان سێوانۆف .

- ڕەنگە ئێستا لە سوێد، ئەلمانیا و ئەوانەش، داغی تازە بۆ کورد داهاتبێ .

بەڵام گەلی کورد ئەو شانازیە مێژوییەی بوە و هەیەتی، کە وەک مرۆڤێکی رزگاربیر، قەت ئیزنی ئەوەی بە خۆی نەداوە، داغ بە گوێی کەسەوە بنێ، کە نموونەی ئەم ڕەوشە، کوردستانی ئازادی ئەمڕۆیە، چون

عەرەب، تورکمان، ، ئاسۆری و تەواوی کەمایەتیەکانی دیکەی کوردستان، خۆیان، ناوی خۆیان بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن . جا ، ئێمەش دەبێ خۆمان، ناوی خۆمان، بۆ خۆمان هەڵبژێرین . وانیە ؟

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.